# ئەستێرەکان چۆن لە

زۆری نەماوە مۆندیالی ٢٠١٠ لە باشووری ئەفریقیا دەست پێ بکات و هەموو یاریزانێکیش ئاواتییەتی نازناوی ئەم مۆندیالە بباتەوە، ئەویش مافی سروشتی خۆیانە. ئەمەی خوارەوەش راوبۆچوونی یاریزانان کامیرۆنی ساموئێل ئیتۆ و فابیۆ کاناڤارۆ-ی ئیتاڵی و کاکا-ی بەرازیلی و کارلیس پویۆل ئیسپانین سەبارەت بە مۆندیالی داهاتوو.

ئەو پرسیارە ئاراستەی ئیتۆی کامیرۆنی کرابوو

* تۆ دوو جار نازناوی ئەفریقیا و دووجاریش خولی یانەکانی ئەورووپا و جارێکیش نازناوی خولی ئۆلۆمپیت بردۆتەوە، گەر هاتوو چانست هەبوو نازناوی مۆندیالیشت بردەوە کامیان بەباشترین نازناو دادەنێیت؟

هێرشبەری یانەی ئەنتەر میلان لە وەڵامدا گوتی: ئێستا ئێمە رکابەریی خولی یانەکانی ئیتاڵیا و خولی یانەکانی ئەورووپا دەکەین و لەگەڵ ئەوەشدا و مۆندیالیش نزیک بۆتەوە، بۆیە دەڵێم حەز دەکەم هەموو نازناوەکان ببەینەوە.

سەبارەت بە هەڵبژاردەی کامیرۆنیش ئیتۆ دەڵێ: ئێمە خاوەن هەڵبژاردەیەکی بەهێزین و شایستەی ئەوەین کە ببینە خاوەنی مۆندیال و هیچمان لە هەڵبژاردەکانی بەرازیل و ئەرژەنتین و ئیسپانیا و فەرەنسا کەمتر نییە، هەڵبژاردەیەکی وەکو ساحل ئەلعاج کە خاوەنی یایا تۆرێ و درۆگبایە، باشە بۆ ئەفریقییەکان خەون بەو نازناوە نەبینن و هەست بەوە دەکەم کە ئەم مۆندیالەی لە ئەفریقیا دەکرێ مۆندیالێکی مێژوویی دەبێ بۆ ئەفریقیەکان، خەون بەوە دەبینم کە ئەم نازناوە بۆ کامیرۆن بێت یان بۆ هەر هەڵبژاردەیەکی ئەفریقی بێت، من وای بۆ دەچم لە قۆناغی پێش کۆتایی دوو هەڵبژاردەی ئەفریقی رووبەڕووی یەکدی دەبنەوە، چونکە هەر شەش هەڵبژاردە بەشداربووەکانی ئەفریقیا هەلی باشیان لەبەردەستدایە، دەزانن ئیسپانیا لەریزی بەرازیل و هۆڵەندە و ئەرژەنتین و فەرنسا دایە، ئێمە و ساحل ئەلعاج لە تواناماندا هەیە شکستیان پێ بهێنین و لێیان ببەینەوە، دەتوانم بڕوا بە

برادەرەکانم بهێنم کە بردنەوە لەو تیپانە خەیاڵی نییە و ئەوەندە بە گرنگی وەرنەگرن.


سەبارەت راهێنەر پۆل لۆگین ئیتۆ گوتی: ئەو کاتەی پۆستەکەی وەرگرت ئاستمان لە دابەزین بوو، نارێکییەکی زۆر بەدی دەکرا ئەو توانی بە ماوەیەکی زۆر کەم تیپەکە رێك بخات و پێشتر ئێمە پشتمان بە دوو یان سێ یاریزان دەبەست، بەڵام ئێستا ١٠ یاریزانی باشمان هەیە کە لە یاریگا یاری دەکەن و جێگەی متمانەیەکی تەواون.

ئیتۆ لە کۆتاییدا گوتی: گەر هاتوو نازناوی مۆندیالمان بردەوە بۆ هەر یاریزانێك کاتژمێرێك بە بڕی ٣٣ هەزار یۆرۆ دەکەمە دیاری و، راهێنەر پۆل لۆگین لە بیر ناکەم.

کاناڤارۆ: زۆر زەحمەتە پارێزگاری لە نازناوەکەمان بکەین

کاپتنی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا تەمەن ٣٦ ساڵ کە نازناوی مۆندیالی ٢٠٠٦ی بەرزکردەوە ئەمجارە چوارەمین جارە بەشداری لەو کەرنەڤاڵە گەورەیە دەکات، ناوبراو گوتی: ئێمە زۆر بە هێمنی پێشوازی لەو مۆندیالە دەکەین، ئێمە لە یۆرۆی ٢٠٠٨ و کیشوەرەکانی ٢٠٠٩ ئاستمان باش نەبوو، یارییەکانیشمان لە پاڵاوتن زۆر سادە بوو، سەرەڕای ئەم هەموو شتانە کاری نەکردە سەرمان و متمانەمان زۆر بە خۆمان هەبوو و ئیتاڵیاش هەر ئەو ئیتاڵیا خاوەن رۆشنبیریە بەرزیە کە دەمانخاتە لووتکە لە پاڵەوانییەتییە گەورەکان، سەبارەت بەوەی کە ئیتاڵیا دەتوانێ پارێزگاری لە نازناوەکە بکات کاناڤارۆ گوتی: زۆر زەحمەتە ئەمە دووبارە بێتەوە لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری هەڵبژاردە بەشداربووەکان زۆر بەهێزن لەوانە بەرازیل و ئیسپانیا کە ماوەی سێ ساڵە ئاستیان لەبەرزبوونەوە دایە، هەروەها گوتی: هەرچەندە ئەوەش نابێتە بەربەست لەبەر رێڕەوی ئێمە و گەر خۆمان ماندوو بکەین هەلی باشمان لەبەر دەستدایە و ئەم حاڵەتەش لە مۆندیالی ٢٠٠٦ روویدا من وای بۆ دەچم ئێمە و پارگوای چانسمان لە سلۆڤاکیا و نیوزیلەندە باشترە کە بچینە قۆناغی دووەم، بەڵام نابێ ئێمە هیچ یارییەك بە ئاسانی وەرنەگرین و دەبێ حیساب بۆ هەموو یارییەك بکەین، لە مۆندیال زۆر یاری ئاسان هەیە، بەڵام کۆتاییەکەی زۆر گرنگە، ئێمە ئاستمان لە جامی کیشوەرەکان خراپ بوو، چاودێران دەیانگوت هۆکارەکەی تەمەن گەورەی یاریزانەکانە، بەڵام ئەوان بەهەڵە داچووبوون،






ڕێبین ڕەمزی

# موندیالی ٢٠١٠ دەڕوانن

چونکە چەندین یاریزانی لاوی وەکو کیلپیی و مارکێز و کریستۆمانیشمان هەبوو، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا پێویستی بە یاریزانی خاوەن ئەزموون هەیە کە ئێستاش لە شوێنی خۆیان ئاست بەرزن، ئەوەی تەمەنی من بە گەورە دادەنێت زۆرم پێ سەیرە، پارێزی سەرەڕای ئەوەی کە تەمەنی ٣٧ ساڵ بوو لە بەرزترین ئاستدا بوو و ماڵدینیش لە تەمەنی ٤٠ ساڵی وازی لە یاریکردن هێنا، کاناڤارۆ لە کۆتاییدا گوتی: پێموایە ئیسپانیا پاڵێوراو نازناوی مۆندیال دەباتەوە لە دوای ئەویشدا بەرازیل.

**کاکا: بەرازیل وەکو کاری هەمیشەی پاڵێوراوە بۆ بەرزکردنەوەی ئەم نازناوە**

ئەستێرەی بەرازیل و یانەی ریال مەدرید-ی ئیسپانی کاکا دەڵێ هەڵبژاردەی ئێمە وەکو کاری هەمیشەی بەهێزترین پاڵێوراوە بۆ بردنەوەی ئەم نازناوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنی کە ئێمە لە گۆڕەپان بە تەنیاین و پێشبینیش ناکرێ کە ئەم نازناوە دەباتەوە، هەڵبژاردەی زۆر بەهێز هەن وەکو ئیسپانیا و ئینگلتەرە و فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئەرژەنتین، نابێ ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکانیش لەبیر بکەین بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەفریقییەکانی وەکو ساحل ئەلعاج و کامیرۆن، یاری جوان دەتوانی خۆی بسەلمێنێ، نموونەش ئەوەی لە یۆرۆ بینیمان کە هەڵبژاردەی ئیسپانیا بە ئاستە بەرزەکەی سەلماندی کە شایستەی ئەم نازناوەیە و زەنگێکی ترسناکیشی بۆ بەشداربووانی مۆندیال لێدا، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە بەرازیل بە بەردەوامی بەسەر رکابەرەکانی زاڵ بووە و ئێمەش ماوەی دوو ساڵە ئاستمان بەرەو بەرزی دەڕوات و نازانین لە قۆناغی دووەم کێ لەبەرامبەر کێ دەوەستێ، وام پێ باشە ئێمە و ئیسپانیا لە کۆمەڵەی خۆمان بە پلەی یەکەم بین.

راستە دەڵێن هەڵبژاردەی بەرازیلی ئێستا لە شێوازی هێڵی هێرشبردن لە پێشوو باشتر نییە؟ کاکا لە وەڵامدا گوتی: دۆنگا جیاوازی لەگەڵ سکۆلاری هەبوو، کەی دەڵێن ئەمە راهێنەرێکی باشە کە بە شێوازێکی باش یاری بکەن و من لەگەڵ ئەوە دانیم کە هەڵبژاردەی ئێستا پشت بە هێرشی پێچەوانە دەبەستێت، ئێمە ئاست و ئەنجاممان باشە.

هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە رۆناڵدینهۆ کە یەکێك دەبێت لە یاریزانەکانی مۆندیال، کاکا گوتی: من نازانم، بەڵام لە دوایین یاری لەگەڵ میلان ئاستێکی بەرزی نیشان دا و ئەمەش کاری راهێنەر و دەستەی هونەرییە. سەبارەت بە کۆمەڵەکەیان کاکا دەڵێ: پورتوگال یەکێکە لە هەڵبژاردە بەهێزەکانی ئەوروپا و خاوەن یاریزانی بەناوبانگی جیهانی کریستیانۆ رۆناڵدۆیە، هەروەها گوتی: کۆریای باکوور هەروا بە ئاسانی نەهاتۆتە مۆندیال و زۆر شارەزاییم لەسەر نییە و ساحل ئەلعاج هەڵبژاردەیەکی پۆڵاینە و بەهێزە و درۆگباش بە یەکێك لە باشترین هێرشبەری جیهانی دەژمێردرێت، هەروەها گوتی: بەراشکاوی دەڵێم هەڵبژاردەی بەرازیل دەگاتە قۆناغی دووەم و ناشزانم ناسنامەی هەڵبژاردەی دووەم کێیە، کاکا زیاتر گوتی: ئێمە دەزانین چۆن خۆمان بۆ پاڵەوانییەتییەکان ئامادە دەکەین و دەزانین چۆن بەرەنگاری پاڵەپەستۆکانیش ببینەو. لە کۆتاییدا کاکا تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەرژەنتین رکابەری سەرەکییە هەرچەندە بە زەحمەت گەیشتە مۆندیال.


**کارلیس پویۆل: ئێمە پاڵێوراوین بۆ ئەم نازناوە**

کاپتنی هەڵبژاردەی ئیسپانیا کە بەشداری لە مۆندیالەکانی ٢٠٠٢ – ٢٠٠٦ کردووە و لە یەك وەرزدا ٦ نازناوی بۆ بەرشلۆنە بە دەستهێناوە گوتی: ئەوە هەمووی رەنجی شانی خۆمان بوو کە ئەم هەموو نازناوەمان لەیەك وەرز بە دەستهێنا، ئێمە لە تیپەکەمان یەك خێزانین و یەکگرتووین و حەز لە بەدەستهێنانی نازناو دەکەین و پاڵێوراویشین بۆ بردنەوەی نازناوی مۆندیالی داهاتوو، ئەویش بەهۆی ئەو ئاست بەرزە یەك لە دوای یەکەی کە پێشکەشی دەکەین، ئێمە باش دەزانین بۆ ئێمە لە بۆسەدان، بەڵام ئێمە شارەزییمان هەیە لەخۆ دەرباز کردن، لەم بۆسانەدا ئاستی هەڵبژاردەی ئیسپانیا وەکو ئاستی بەرشلۆنەیە، یاریزانی ئاست بەرزی وەکو کاسیاس و تۆرێس و کابدیڤێرا لەتەك شافی و ئەنێستا و پیکیە و ڤیکتۆر و بۆسکێتس و دەتوانم بڵێم پویۆل یاری دەکەن، نابێ ئەوەش بڵێین کە هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەبوونی یاریزانانی بەرشلۆنە نازناوەکە دەباتەوە، یاریزانانی بەرشلۆنە لە یاریزانەکانی ریال مەدرید و ڤالنسیا باشتر نین، بەڵام هەریەکەو تەواوکەری یەکترین، سەبارەت بە رکابەری ئیسپانی لە مۆندیال پویۆل گوتی: وەکو هەموو جارێك بەرازیل و ئەڵمانیا و ئینگلتەرە و ئیتاڵیا و ئەرژەنتین لە لوتکەدان، هەرچەندە چاودێران پێیانوایە ساحل ئەلعاج و کامیرۆنیش ئاستیان بەرزە و دوایی ئەمە دەردەکەوێت.



گوڵان
ژمارە (٧٧١)
٢٠١٠/٣/١





## ڕەنگە دوو یاریزانی جەزائیر بەشداری مۆندیال نەکەن

ڕەنگە هەردوو یاریزانی هەڵبژاردەی جەزائیر نەزیر بلحاج و شاوشی گۆلچی هەڵبژاردەی جەزائیر نەتوانن لەگەڵ هەڵبژاردەکەیان بەشداری مۆندیال بکەن. یەکێتی تۆپی پێی ئەفریقیا هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەیەك ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی بڕیاری سزادانی ئەو یاریزانانە بدات کە لە یاری پێش کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیای نێوان هەردوو هەڵبژاردەی میسر و جەزائیر کارتی سووریان وەرگرتووە.

یاریزان بلحاج ڕەنگە بۆ چوار یاری سزا بدرێت، دوای ئەوەی لەم یارییە کارتی سووری وەرگرت، هەروەها یاریزان شاوشی ڕەنگە تووشی سزایەکی توندتر بێت دوای ئەوەی کەللەیەکی لە کودجا-ی ناوبژیوان دا. بەڵام ناوبژیوان تەنیا کارتی زەردی لە بەرامبەر بەرزکردەوە دواتر گۆڵچی کارتی زەردی دووەمی وەرگرت و یارییەکەی جێهێشت.

جێگەی باسە ئەم دوو یاریزانە وەکو یاریزانی سەرەکی لە هەڵبژاردەی جەزائیر یاری دەکەن.



### مۆرینهۆ:

## ئەستێرەکانی چێڵسی من دروستم کردن



جۆزیە مۆرینهۆ ڕاهێنەری یانەی ئەنتەر میلان، پێش دەستپێکردنی یاری یانەکەی ئەنتەر میلان بەرامبەر یانەی چێڵسی لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی ١٦ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا، لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەنووساندا لەو لێدوانەدا باسی لە ئەستێرەکانی یانەی چێڵسی کرد و گوتی: من ئەستێرەکانی یانەی چێڵسیم دروست کردووە هەریەکە لە "فران لامپارد" و "جۆن تێری" و "دیدیە درۆگبا" بە هەوڵی من ئاستیان بەرز بۆتەوە، خۆشیان دان بەو ڕاستییە دادەنێن. من یارمەتیم داون بۆ ئەوەی بگەنە ئەم ئاستە و زۆر سوپاسیان دەکەم کە ئەوەیان لەبیرە.

لە وەڵامی پرسیارێك کە ئایا پەیوەندی لەگەڵ درۆگبا چۆنە؟ مۆرینهۆ گوتی: کاتێك دروگبا بەمشێوەیە باسی من دەکات هەست بە شانازییەکی زۆر دەکەم.

جێگەی باسە یارییەکە بە سەرکەوتنی یانەی ئەنتەر میلان بە کۆتا هات بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێك، یارییەکەش لە یاریگەی ئەنتەر میلان بەڕێوەچوو.



## ژمارەیەکی پێوانەیی لە یاری بەرشلۆنە و شتۆتگارد تۆمارکرا

لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی ١٦ خولی پاڵەوانانی ئەوروپا بۆ تۆپی پێ، یانەی شتۆتگارد میوانداری بەرشلۆنەی کرد، لەم یارییە ژمارەیەکی پێوانەیی تازە تۆمار کرا، چونکە زیاتر لە ٧ ملیۆن و ٣٣٧ هەزار کەس لەهەموو جیهاندا سەیری یارییەکەیان دەکرد، بە ڕێژەی ٣٧,٢٪ ئەو کەسانەی لە جیهاندا سەیری تەلەڤزیۆن دەکەن.

ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە کە تا ئێستا ئەم ڕێژەیە تۆمار نەکراوە.

جێگەی باسە یارییەکە بە یەکسانبوونی هەردوو یانە بە ئەنجامی گۆڵێك بۆ هەردوو یانە بە کۆتا هات، گۆڵی شتۆتگارد یاریزان کاکاو تۆماری کرد و تاکە گۆڵی بەرشلۆنەش ئیبراهیمۆڤیچ تۆماری کرد.

# لاپۆرتا
# سەركەوتنی ریال مەدریدی لا سەیرە



خوان لاپۆرتا سەرۆكی یانەی بەرشلۆنە لە وەڵامی پرسیارێك كە ئاراستەی كرابوو دەربارەی سەركەوتنە گەورەكەی یانەی ریال مەدرید بە ئەنجامی شەش گۆڵ بەرامبەر دوو گۆڵ كە لە یانەی ڤیاریاڵ-ی بردەوە گوتی: من تەنیا ئەوەم لە یادە كە وەرزی رابردوو بە شەش گۆڵ بەرامبەر دوو گۆڵ لە ریال مەدریدمان بردەوە، لە كاتی ئەنجام دانی یارییەكەی ریال مەدرید و ڤیاریاڵ من ئاهەنگی خۆشیم دەگێڕا دوای ئەوەی تیپی باسكەی یانەكەمان جامی پاشای ئیسپانی بە دەستهێنا.

لاپۆرتا بە توانجەوە گوتی: ٦-٢ی ریال مەدرید و ڤیاریاڵ-م نەبینی، تەنیا ٦-٢ی بەرشلۆنە و ریال مەدریدم دیت.

# هاندەرانی مانچستەر یۆنایتد و لیڤەرپوول یەكدەگرن

بۆ یەكەم جار لە مێژووی ئینگلتەرە دەستەی هاندەرانی هەردوو یانەی مانچستەر یۆنایتد و لیڤەرپوول، دژی بنەماڵەی گلایزلەر خاوەنی یانەی مانچستەر یۆنایتد و تۆم هێكس و جۆرج جیلێت خاوەی یانەی لیڤەرپوول كە هەردووكیان رەگەزنامەی ئەمریكا-یان هەیە، یەك دەگرن.

رۆژنامەی دیلی مۆر ئەوەی تەئكید كردووە دەستەی هاندەرانی هەردوو یانە نیگەرانی خۆیان لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی یانەكە دەربڕیوە، ئامادەن گشت كێشەكانی رابردووی نێوانیان لە یاد بكەن تاوەكو بتوانن فشار بخەنە سەر خاوەن یانەكە. رۆژنامەكە جەختی لەوە كردووە كە ٢١ی ئازار یاری نێوان مانچستەر یۆنایتد میوانداری یانەی لیڤەرپوول دەكات لەم یارییە جەماوەری هەردوو یانە بەیەكەوە دروشم بەرزدەكەنەوە دژی خاوەنی هەردوو یانە.




# بیلیە پشتگیری لە مارادۆنا دەكات

ئەفسانەی تۆپی پێ بەرازیلی بیلیە رەخنەیەكی توندی لە ئەندامان و سەرۆكی یەكێتی تۆپی پێ ئەرژەنتین گرت، سەبارەت بە دەستنیشانكردنی مارادۆنا وەكو راهێنەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتین. بیلیە لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەنووسی ئاماژەی بەو رەخنە توندەدا كە ئاراستەی راهێنەر مارادۆنا كرابوو، چونكە لە یارییەكانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ئەرژەنتین زۆر بە سەختی توانی بۆ مۆندیال سەربكەوێت. بیلیە گوتی نابێ بەو زمانە رەخنە لە مارادۆنا بگیرێت، چونكە مارادۆنا ئەزموونی وەكو راهێنەر زۆر كەمە، من رەخنە لە یەكێتی تۆپی پێی ئەرژەنتین دەگرم، چونكە ئەوان مارادۆنیان كردە راهێنەری هەڵبژاردەكە.

بیلیە بەردەوام بوو لە پشتگیری كردن لە مارادۆنا گوتی: بە بۆچوونی خۆم هەردوو هەڵبژاردەی ئیسپانیا و ئەرژەنتین بۆ بە دەستهێنانی جامی جیهانی ٢٠١٠ پێشبینی دەكەم، پێم وایە ئەوان ئەو نازناوە بەدەست دێنن.




لە كۆتایی قسەكانیدا بیلیە گوتی: هەرچەندە بەدڵنیاییەوە ناتوانم بڵێم كام هەڵبژاردە دەبێتە ئەسپی رەش-ی جامی جیهانی ٢٠١٠.

## مەحمەد یاسین

# پاڵەوانی نێودەوڵەتی کورد لە بەرزکردنەوەی قورسایی خاوەن پلەی پێنجەمی پاڵەوانەتی جیهانی لۆسئەنجلۆسە

**مەحمەد یاسین یەکێکە لە یاریزانە بە تواناکانی کوردستان و عێراقە، ماوەیەکی زۆر لەسەر ئاستی کوردستان و جیهان پاڵەوانی بەرزکردنەوەی قورسایی بووە، ناوبراو لە سالی ١٩٦٣ لە هەولێری پایتەختی کوردستان لە دایکبووە، بەشداری چەندین پاڵەوانیەتی جیهانی و عەرەبی کردووە لەو پاڵەوانییەتانەدا ئەنجامی بەرچاوی بەدەست هێناوە، لە سالی ١٩٧٤ دەستی بە وەرزش کردووە ماوەیەکی زۆریش لە ریزی هەڵبژاردەی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراقی یاری کردووە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی بیست ساڵ کوردستانی بەجێهێشت، دووبارە گەڕایەوە هەولێری پایتەخت، محەمەد یاسین ماوەیەکی زۆرە لە وڵاتی سوێد نیشتەجێیە. بەمەبەستی ئاگادار بوون لە چالاکی و تواناکانی محەمەد یاسین لەنزیکەوە ئەم دیمانەمان لەگەڵ ئەنجامدا.**



دیمانە :کارزان کانەبی

*** پاش ئەوەی لە نەوەدەکان کوردستانت بەجێهێشت و رووت لە وڵاتی سوید کرد، لە هەندەران بە چییەوە خەریك بووی ؟**

- بۆماوەی پێنج ساڵ لە وەرزش بەردەوام بووم، بەڵام ژیانی وەرزشی لە ئەوروپادا توزێك قورسە، ماوەیەکی کاری راهێنەرایەتیم کرد، دواتر نەمدەتوانی درێژە بەم کارە بدەم، چونکە لە ئەوروپا بەدەستهێنانی بژێوی ژیان سەختە.

*** پاش گەڕانەوەت ئاستی وەرزشی بەرزکردنەوەی قورسایی لە کوردستان چۆن دەبینی، چونکە ماوەیەکی زۆرە تۆ لە کوردستان دابڕاوی؟**

- کە لە سوید بووم تەنیا هەواڵی یاری تۆپی پێم دەبیست، تەنیا هەواڵەکانی یانەی هەولێرم دەبیست، بەمەش زۆر دڵخۆش بووم، هیچ باس لە وەرزشی بەرزکردنەوەی قورسایی نەدەکرا، کە گەڕامەوە بۆ کوردستان پاڵەوانانی ئەو بوارەم بەسەرکردەوە، بینیم تیپێکی زۆر باشیان دروست کردووە بەڵام پێویستیان بە راهێنەرێك هەیە. بۆئەوەی پاڵەوانی زۆرباشیان لێ دەربچێت، بۆنموونە سوارە پاڵەوانێکی زۆر باشە، رەنگە زۆری دیکەش هەبن کە من نایانناسم .

*** گەلێك وڵات گەڕاوی، دەکرێ بەراوردێك لە نێوان وەرزشی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان و ئەوروپا بکەی ؟**

- جیاوازی ئێرە و ئەوێ زۆرە، سوید لە یاری بەرزکردنەوەی قورسایی دا باش نییە، بەڵام گرنگییەکی تایبەتی بەم وەرزشە دەدات، کەرەسەکانی ئەم یارییە لەوێ زۆر پێشکەوتوون، بەڵام لێرە کەرەستەکان زۆر کۆنن، بۆنموونە، لە یانەی هەولێر زۆربەی ئاسنەکان شکاون، شوێنێکی ئەوتۆ نییە بۆ ئەم یارییە، لەگەڵ ئەوەیدا کوردستان لە گشت روویەکەوە زۆر پێشکەوتووە. کاتێك گەڕامەوە بڕوا بکەن نەمناسییەوە، بەڵام هیچ گرنگی بە یاری بەرزکردنەوی قورسایی نەدراوە .

*** لە ئەوروپا لە هیچ یانەیەك کاری ڕاهێنەرایەتیت نەکردووە ؟**

- لە سالی ١٩٩١ کە چوومە سوید بۆماوەی ٥ساڵ پاڵەوانی وڵاتانی ئەسکەندە ناڤی بووم کە لە وڵاتانی سوید و دانیمارك ونەرویج پێك هاتووە، دوای ئەویش لە وڵاتی سوید بوومە ڕاهێنەر، دیارە هەر لەو شارەی کە لێی دەژیام، بەڵام ژیان لە ئەوروپا زۆر قورسە، ناکرێ لەیەك کاتدا هەم وەرزش بکەی و کام کار بکەی.

**- گوایە کاتی خۆی کە لە هەڵبژاردەی عێراق یاریزان بووی لەلایەن هەندێکیانەوە دژایەتیت دەکرا چونکە کورد بووی؟**

- بەڵێ هەندێك کەس هەبوو، چونکە من لە

هەڵبژاردەی عێراقدا تاکە یاریزانی کورد بووم

*** بڕیارت نەداوە بۆ هەمیشە بگەڕێیەوە کوردستان ؟**

- بەڵێ بڕیارم داوە بۆ هەمیشە لە کوردستان بمێنمەوە، چونکە بەڕێز پاریزگاری هەولێر کاک نەوزاد هادی داوای لێکردم بمێنمەوە، هەرچەندە مانەوەش بۆ من سەختە لەبەر ئەوەی هەولێر کەسم نەماوە، کە بمێنمەوە دەبێ شوێنێکی حەوانەوەم هەبێت، من کە چەندین ساڵ وەک کوڕە کوردییەک لە یاری بەرزکردنەوەی قورسایدا مەدالیام بەدەست هێناوە، کە لە کوردستان بمێنمەوە دەبێ جێگایەکم هەبێت، کارێکی ئەوتۆم هەبێت کە پێی بەڕێوە بچم.

*** گەر لە کوردستان مایەوە و ئەو گرفتانەی باسیان دەکەی چارەسەر کران، بڕیاری ئەوەت نەداوە، قوتابخانەیەکی پێگەیاندن بۆیاریزانانی ئەم یارییە بکەیەوە؟**

- بێگومان ئەوە دەکەم، ئەوە یەکێکە لە ئامانجەکانم، دەمەوێ لە هەولێر قوتابخانەیەک بکەمەوە کە لە شارەکانی دیکەش لقی خۆی هەبێت .

*** ئاستی وەرزشی کوردستان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ چۆن بەراورد دەکەی ؟**

- کاتێ خۆی بە ترسەوە وەرزشمان دەکرد، کە دەچووین بۆ پاڵەوانێتییەکان لە خوا دەپاڕاینەوە ئەنجامێکی باش بەدەست بێنین، چونکە عودەی کوڕی سەدام بەرپرسی یەکەمی وەرزش بوو لەعێراقدا، گەر لە پاڵەوانێتییەک ئەنجامەکە باش نەبا، تووشی کێشە دەهاتین، بەڵام ئێستاکە بەم شێوەیە نییە .

*** سەردەمی خۆی بنکەی وەرزش ولاوان هەبوو کە یاریزانی پێدەگەیاند، بەڵام ئێستا نەماوە، بە نەمانی ئەو بنکەیە هەستت بە چی کرد ؟**

- کاتی خۆی لە بنکەی وەرزش ولاوان پێگەیشتم، ئێستا یانەی هەولێر هەیە یاریزانان پێدەگەیێنێت، گرنگی بە هەموو یارییەک دەدات، بەڵام هۆڵی ئاسنیان وەکو پێویست نییە هیوادارم گرنگی بەو بوارەش بدەن.

*** لە پاڵەوانێتی عەرەبدا پلەی یەکەمت بەدەست هێنا، راستە لەوکاتەشدا دایکی بەڕێزتان کۆچی دوایی کرد، ئەو کاتە لە نێوان سەرکەوتن و خەمدا هەستت بە چی کرد ؟**

- بێگومان کەلە پاڵەوانێتییەکەدا هەواڵی مەرگی ئازیزان دەبیستی ناخۆشە، بەڵام مردن لە پێش هەموومانە، دەبێ هەمووومان ئەم ڕێگایە بگرینە بەر.

*** کاتی خۆی لە پاڵەوانییەتی هیندستان کە لە شاری نیودلهی بەرێوە چوو، نوکتەیەک لە نێوان تۆ و ئەحمەد رازی یاریزانی هەلبژاردەی عێراقدا هەبوو، ئەم نوکتەیە چی بوو ؟**

- بەڕاستی ئەوەم وەبیر نەماوە، بەڵام من و ئەحمەد رازی زۆر برادەر بووین قسەکەشت زۆر راستە .

*** لە دوای پاڵەوانێتی موسکۆ زۆر گریای، هۆکاری گریانەکەت چی بوو ؟**

- لە خۆشیان گریام.

*** ناخۆشترین کاتی ژیانت؟**

- لە دەست دانی دایك و باوکم.

*** هەستت بەچی کرد کاتێك وەکو یەکەم کورد بەشداریت لە بەرنامەی وەرزش لە هەفتەیەکدا (رياضة في اسبوع) کرد؟**

- بۆمن شانازیە کە یەکەم یاریزانی کوردم، توانیم لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی بگەمە ئەو ئاستە. من و موئەید بەدری زۆر برادەرین .

*** کە لە پاڵەوانێتی مۆسکۆ گەڕایەوە بۆچی بۆماوەی ١٥ رۆژ دەستگیر کرای؟**

- کە لە رووسیا گەڕاینەوە، تۆمەتیان بۆمان هەڵبەستبوو، گوتبوویان ئێوە مادەی زیانبەخشتان بەکارهێناوە، هەرچەندە خۆ پشکنین هەیە بەڵام دوای دابەزین لە فڕۆکە، راستەوخۆ گیرام و منیان بردە بەندیخانەی رەزوانییە.

*** وەك باس دەکەن کاتی خۆی باوکتان هەولێ زۆری لەگەڵ داون، بەتایبەتی دوای راهێنانەکان، لەبەر دەرگا راوەدەستا شیشێك جەرگ و تکەی لەگەل شەربەتی نادری بۆدەهێنای ؟**

- بەڵێ ئەوە زۆر راستە، باوکم دەیگوت تۆ وەرزشەوانی دەبێ خواردنی تایبەتی بخۆی.

*** هەستت ناکەی وەرزشی کوردستان گرنگییەکی تایبەتیان پێ نەداوی؟**

- بەڵێ ئەوە خۆتان دەزانن کە من چەند ساڵە پالەوانی کوردستان و عێراق و ئاسیا و عەرەبیم، من کوردم، هەموو لایەکیش ئەوە دەزانن، باشە بۆچی هونەرمەندێك دێتەوە پارەو خانووی بۆ دابین دەکەن بەڵام بۆ وەرزشەوانێك وانییە،باوەڕ ناکەم لە هەموو عێراق وەرزشەوانی وەك من هەبێت توانی ئەوا ئەنجامی باش تۆمار بکات.

*** خۆشترین یادەوەری وەرزشیت چییە ؟**

- ئەو کاتەی کە ئەنجامی باشم بەدەست هێناو خولی هەولێر پێشوازیان گەرمیان لێکردم و راگەیاندنەکان باسیان کردم .

*** دوا پەیڤت بۆ گۆڤاری گوڵان چییە ؟**

- سوپاسی تەواوی راگەیاندنەکان دەکەم،هیوادارم ئەوجارە بەیەك جاری بگەڕێمەوە کوردستان بە ئالای کوردستان پێشوازییەکی گەرمم لێبکەن.



# کریستیانۆ رۆناڵدۆ دزە!!!

**سیزار سیمبری ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە یاری رگبی یاریزانی یانەی ریال مەدرید کریستیانۆ رۆناڵدۆ-ی بەوە تۆمەتبار کرد شێوازی لێدانی فاولە راستەوخۆییەکانی لە یاریزانانی یاری رگبی دزیوە.**

**سیزار لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی "ئەس ئیسپانی" گوتی: کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە کاتی جێبەجێ کردنی فاولەکانی هەمان هەنگاوەکانی یاریزانانی رگبی دووبارە دەکاتەوە، هەروەها گوتی: رۆناڵدۆ تۆپەکە لە شوێنێکی دیاریکراو دادەنێت کەمێك دەکشێتەوە دواوە دواتر نێوان خۆی و تۆپەکە حیساب دەکات گرنگترین شت ئەوەیە شێوازی دانانی تۆپەکەیە.**

**لە درێژەی قسەکانیدا سیزار گوتی: هەنگاوی پێش لێدانی تۆپەکە پێویستی بە تەرکیزێکی زۆر هەیە.**

**دەربارەی چۆنییەتی لێدانی تۆپ لە یاری رگبی سیزار گوتی: رۆناڵدۆ لە کاتی لێدانی فاولەکان قاچەکانیان بە مەودایەك لێك دوور رادەگرن، ئەوەش بۆ پاراستنی هاوسەنگی خۆی، یاریزانانی یانەی رگبی بەم شێوەیە هاوسەنگی خۆیان رادەگرن.**

**سیزار زیاتر گوتی: زۆر بە راشکاوانە دەڵێم کریستیانۆ رۆناڵدۆ شێوازی لێدانی فاوڵەکانی لە یاریزانانی رگبی دزیوە.**

